Revolutionareis Union of Kurdistan

# یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

## ڕێورەسمێک لە واشینگتۆن بە بۆنەی هەڵبژاردنی سەرۆکی کوردستان

شەوی 16ی ژوئەنی 2005 لە سەر بانگهێشتی نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە واشینگتۆن بە بۆنەی هەڵبژێرانی سەرۆکی کوردستان لە هۆتێل هیلتۆن، لە حەومەی واشینگتۆن دی سی بەرێوە چوو.

سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمە بە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێز لێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای رزگاری کوردستان دەستی پێکرد. پاشان پەیام و بروسکەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان پێشکەش کران. لەدوای خواردنی نانی ئێوارە ڕێوڕەسمەکە تا درەنگانی شەو بە هەڵپەڕکێ و شایی کە هونەرمەندی دەنگ خۆش"نادیا" گەرم و گوڕیی پێدابوو درێژەی کێشا.

ئاخرین بڕگەی ئەو ڕێورەسمە پیرۆزبایی لەیەک کردنی بەشداران بوو بە بۆنەی ئەو ڕووداوە مێژووییەوە.

شایانی باسە کۆمیتەی ئەمریکای یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بە شێوەی فەرمیی بەشداری ئەو ڕێوڕەسمە بوو. هەروەها پەیامی سکرتێری گشتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بۆ سەرۆک بارزانی خوێندرایەوە.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

کۆمیتەی ئەمریکا

20/ژوئەن/2005

www.ruk2691.com

Eimail: ruk_usa@yahoo.com

TEL: 202-492-3235, 519-489-0162, 703-286-5389